# كۆدی هەڵەبجەیی بوون و دوو جەمسەری فۆرمالیزم و سەلەفیەت

كازیوە سالح

هەڵەبجە هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەردا خۆی دووبارە دەكاتەوە ,تیوری لۆژیكیش لە نێوانیاندا قوربانیە. جەمسەری یەكەم سەر بە تیوری فۆرمالیزمن (شێوەخوازی ) , جەمسەری دووەمیش تیوری سەلەفیەت لە خۆ دەگرێت ,كۆدی هەڵەبجەیی بوونیش رۆڵێكی باڵای بینیوە لە نەوی كردنی تیوری سێهەم و باڵاكردنی دووانەكەی دی . جەمسەری نەویكراو كە پێویستە لۆژیك بێت نەیتوانیوە هەڵەبجە بكات بە سیمبولێكی مرۆیی ناوەكی و دەرەكی بۆ تێكشكاندنی بتەكانی شەڕ و بكوژەكانی مرۆڤ و جوداخوازی , نەیتوانی بیكات بە مۆزەخانەیەكی گەورە ,بە چوونە ناو ئەو شارە سیماكان تراژیدیای مرۆڤ كوژێت پیشان بدەن و سیمای دواتریش تراژیدیای بكوژانت پیشان بدەن ببێت بە پەند بۆ خوازیارانی مرۆكوژی, نەیتوانیوە مەسەلەیەكی نیودەوڵەتی گەورەی لێ دروست بكات كە ڕاگەیاندنەكانی جیهان پێوەی سەرقاڵ بن , نەیتوانیوە ببێت بە وانەیەك نەوە دوای نەوە بەهرەمەند بن لێی , نەیتوانیوە بیكات بەپرۆژەی خودئاوەدانی و یەك گووتاری ,لە خرابترین باردا نەیتوانیوە بیكات بە دەزگایەكی مەعریفی بۆ لێكۆڵینەوە و بەرهەم نەهێنانەوەی ئەو كارەساتە و كارەساتەكانی دی كورد كە زۆربەیان دووبارە بووەوەن .

زۆربەی ئەو نەهامەتیانەی تیوری لۆژیكی ویاخود جەمسەری لۆژیكی نەیتوانیوە گرێ و كۆدەكانی لە هەناوی هەڵەبجەدا بكاتەوە , نهێنیەكانی لە هەگبەی جەمسەرە فۆرمالیزم و سەلەفیەكاندا پەنهانە ,چونكە بە باوەڕی من سەرەتای بەرهەم هێنانی هەر پرۆژەیەكی گشتگیر ببێت بە هۆی گواستنەوەی قوناغێك بۆ قۆناغێك پەسەند تر , یاخود بە گووتارێ لە پێناوی تایبەتمەندیەكدا , پێویستە هەوڵەكان لە هەناوی ئەو تایبە تمەندییەوە سەرچاوە بگریت یان لایەنی كەم ئاستی تێگەیشتنی بەرانبەری هەبێت و بۆ ئەوانەی دەرەوەی خۆی كە دەیانەوێ بەرهەم هێنەری ئەو خواستە بن بۆیان .بەڵام ئەو دوو جەمسەرە خواستەكانیان دابەشكردووە بە سەر دوو جووتەی دژ بەو مەبەستە , چونكە فۆرمالیزمی هەڵبجەیی ئەوەندەی وەكو شێوە و فۆرم سوودمەند بوون لە ناوی هەڵەبجە هێندە بایەخی بە ناوەرۆكی كارەساتەكە نەبووە , ئەویش زیاتر خۆی لەو گرووپەدا دەبینێتەوە كە پێیان وایە ئەوان لە بەر ئەوەی هەڵەبجەیین واتە لە هەموو كەس كوردترن , لە بەر ئەوەش لە هەموو كەس كوردترن پێویستە لە هەموو كەسیش حزبی تربن , بۆ مرۆڤی كورد لە هەموو كەس كورد بوونیان پێویستە شانازی پێوە بكات و هەڵەبجە و هەڵەبجەیی بن بە سیمبول , بەڵام گەر وابزانێت لە ژێر سیبەری قوربانی كەسیانی دیدا لە دەرەوەی گووتاری خۆی دەگات بەو خواستە ئەوە هەڵەیە, كە پێشی وایە حزبی بوونی ئەو هەتا سەر ئێسقان واتای هەڵبجەیی بوون و كورد بوونی دەكات , ئەمەشیان كارەساتە , لەو جۆرە كارەساتەی كەخەڵكی هەڵەبجە و دەوروبەری دابەشكردووە بە سەر ئیسلامی سەلەفی و حزبی فۆرمالیزمیدا, وەكو گووتمان شێوەخوازەكان پێیان وایە پێویستە تەواو حزبی بن ژمارەیەكی زۆریان لە ناو حزبە كوردستانیەكاندا بە تایبەت یەكیەتی كە ئەمرۆ یەكەم دەسەڵاتی ناوچەكەیە پشكی شێری بەركەوتوە , ئەو بەركەوتنەش لە بری ئەوەی ببێت بە پرۆژەی پۆزەتیڤ بۆ بوژانەوەی ژیانی و ژیاری و مەعنەوی هەڵبجە , تا ڕادەیەكی باش بووە بە هۆی كوت و بەند كردنی لە چوارچێوەی خواست و باوەڕی حزبەكەدا, نەك خواستی كۆمەڵانی خەڵك بۆ هەڵەبجە و خودی هەڵەبجە .نەشیاوترین دۆخیش ئەوەیە كەسێك ببینیت لە هەناوی هەڵبجەوە هەڵقوڵابێت و ببێت بە منبەری بەرگری لە سیستمێك كە داوای لێ دەكرێت بایەخی شیاو بە هەڵەبجە بدات ,یان هەڵەبجە داوا لەو دەكات بێ دەنگ نەبێت و غەمەكانی نەخاتە نێو هەگبەی خواستی حزبیەوە .هەر فۆرمالیستەكانیش بوون لە دەرەوە بە چەندین وێنە و هۆكاری جیاواز پارەیان بۆ خودی خۆیان كۆدەكردەوە , ئەمە هەر لە ئاستی تاكەكان لەنگەر ناگرێت , بەڵكو حزبەكانیش لەو ئاكارە بێ بەش نین لە ڕێكخراو و وڵاتان و دەوڵەمەندەكان بە ناوی بوژاندنەوە و هاوكاری هەڵەبجە بوون بە خاوەنی سەرمایە .

جەمسەری دووەم , سەرهەڵدانی سەلەفیەتە لە هەناوی هەڵەبجەدا , دیارە ئەمەیان هۆكار و دەرئەنجامی سیاسی و جوگرافی زۆری لێ دەكەوێتەوە , بەڵام گرنگترینیان كە ڕیگە خۆشكەر بووە بۆ هۆكارە جوگرافی و سیاسی و ئابوورێكە كە دەرخەری ئەو حاڵەتی سەلەفیەتەن لە ناوچەكەدا ئاستی هۆشیاری و خەڵكانی هۆشیاركەرەوەیە لەو ناوچەیەدا , لای ئەم گرووپەی دی لە بری ئەوەی هەڵەبجە ببێت بە هێمای بەرخودان وڕۆحی تەبایی و خۆشەویستی , كردیان بە هێمای تەسلیم بوون , تەسلیم بوون بە

ئیرادەی پەیوەندی بەستنەوە و ئاشت بوونەوە لە گەڵ خودا , چونکە هۆشیاری ئەو گرووپەش بەو وەهمەی سپاردوون ئەوەی ڕووی دا کارەساتێکی خوودایە ودەکرێ خەڵکی هەڵەبجە خەڵکێکی ناموسوڵمان بوو بێتن بەر تووڕە بوون و بەخەبەر هێنانەوەی خودای خۆیان کەوتبن , بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و نزاو ئازارەکانیشیان ئاراستەی ئەو بکەن بۆ ئەوەی تۆڵەیان بسێنێت , وەکو چۆن خۆیان تۆڵەی سەرپێچی خۆیان دا . ئەو بۆچوونە دیماگۆگیەیان هەر لە و ئاقارەدا نەهێشتەوە و گەیاندیان بە پرۆژە بازرگانیەکانی ئیسلامگەرە لە خۆیان توندڕەوترەکان وئەو ناوچەیە کرا بە بەشێك لە دۆزەخی مرۆڤە نیرۆدیی (عسابی)یەکان ,ئەوانەی لە بری بالاکردنی هەڵەبجە بۆ دۆخی ئاشتی پەرەستی مرۆڤدۆستی , یەکەم مل لە لاشە کردنەوەی ئاشکرا لە ناو کوردستاندا بە دەستی ئەو گروپە نیرۆدیە لە هەڵەبجەدا ئەنجامدرا و هەڵەبجە کرا بە مۆڵگەی سەربڕین وشەهیدکردنەوەی دووبارەی هەڵەبجە بە ڕادەیەك لە شەهید بوونی یەکەمی زیاتر ڕاگەیاندنەکانی جیهان باسی دەستی تیرۆرستی کرد لەو ناوچەیە و دەوروبەریدا . لە ڕووی مرۆیی و شارستانیشەوە ,هەڵەبجە گەڕێندرایەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست , ئەوە لاوانی هەڵەبجە بوون بە دەستی هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژییە دیماگۆگیە یاساغی کارەبا و ژیانی مۆدرین و تەنانەت هەڵبژاردنی بیروباوەڕیشیان لێ گیرابوو , لە سەرشەقامەکان پشتە ملیان دەگیرا و بە زۆر دەئاخێزرانە نێو مزگەوتەکان و بە زۆر نوێژیان پێ دەکرا , ئەوە ژنانی هەڵەبجە بوون لە هەموو سیمایەکی مرۆیی بێ بەشکرابوون و تەنانەت پارچە پۆشاکێکی خۆیان لە بازاڕەکاندا بەرچاو نەدەکەوت بیکرن و تاقی کردنەوەی پۆشاك بۆیان یاساغ بوو ...تد . هەمیشە کۆمەڵی پاش کارەساتەکانی گەورەکان ئالوودەی گرفتی ئایدۆلۆژی و تووندڕەوی و تەسلیم بوون و ناتەبایی لە گەڵ واقعدا دەبن , ئەوەش هۆکاری سایکۆلۆژی خۆی هەیە پاش تووش بوونی مرۆڤ بە شۆکی گەورە (کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە ) بەڵام هەموو ئەوانەش واتای ئەوە ناکات شارێکی خاپوور و سوتێنەراو لە پێناوی گووتارێکی شوڤێنیدا بەدوو گووتار ی شۆڤێنی وەکو فۆمالیزم و سەلەفیزم بسوتێنرێتەوە .

ئەوەی گووتراوە واتای ئەوە ناکات , ئێمەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان هەموو هەڵگری شوناسی هەڵەبجە نین و هەڵەبجەیی نین , هەمووشمان بۆ هەڵەبحە ناگەرێننەوە , بەڵکو گلەییە لەوەی کە بۆچی لە ناو هەڵەبجەدا حزبێك , ئایدۆلۆژیایەك , جیهانیەکی دی درووست بووە جگە لە هەڵەبجە . هەموومان پێویستە یەك حزبمان هەبێت بۆی تێکۆشین و لە خزمەتیدا بین ناوی هەڵەبجەیە و هیچ ناویکی دی لە خۆ ناگرێت , هەموومان پێویستە یەك ئایدۆلۆژیمان هەبێت ناوی هەڵەبجەیە و هەڵگری ناوی دووەم نیە .ئەوانەمان لە دەرەوەی ئەو شوناس و ئایدۆلۆژی , بازنە بین خیانەتمان لە خۆمان و لە هەڵەبجە و بەرانبەریش کردووە ,هەر ئەوانەش وایان کردووە , هەڵەبجە ببێت بە ئاوازی مارشێی بۆنەیەکی بایەخ پێنەدراوو , ساڵی یەك جار گوویمان لەو ئاوازە بێت .

March 13,2006

Canada
k.saleh@hotmail.com